

# چۆپی:
# گەشبینم بەو کارە جوانانەی دەکرێت

ئا: دلێر عەزیز

هونەرمەند چۆپی فەتاح لەدایك بووی ١٩٨٣ی شاری کەرکوکە و لە تەمەنی سێ ساڵیدا کوردستانی جێهێشتووە ، ماوەی ١٨ ساڵە لەهەندەران دەژی و تەمەنی ١٦ ساڵان بووە کە دەستی کردووە بەگۆرانی، خۆی و دووبراو دایك و باوکی لە هۆڵەندا دەژین، کەرکوکی ئەمڕۆ بەپێویستی زانی چەند پرسیارێك لەو هونەرمەندە ئازیزە بکات تاوەکو زیاتر بچینە ناواخنی هونەرەکەیەوە:

*ئایا بەرنامەی رۆژانەی چۆپی چیە؟

دەوامی دانیشگا و وەرزش و کاری هونەری و کاری ماڵەوە.

*هونەری ئەمڕۆ بەدیدی بەڕێزت وەك هونەرمەندێکی گۆرانی بێژ چۆن هەڵیدەسەنگێنی؟

من ئەو شارەزایە نییم هەڵسەنگاندنێکی لەو جۆرە بکەم، بەڵام گەشبینم بەو کارە جوانانەی دەکرێت و بە کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی و گرنگی دانی میدیا بە هونەر و گەنجێکی زۆر بە پەرۆشەوە دەیانەوێت خزمەتی هونەری کوردی بکەن و رێژەی ژنیش لە بواری هونەردا لە هەڵکشاندایە، بەڵام لە لایەکی ترەوە کەم و کوڕی هەیە و دەکرێت باشتر بێت.

*ئەگەر بکرێ تیشکێك بخەیتە سەر کاری لاوانی ئەمڕۆ کە تا چەند سودیان لە هونەرمەندانی بەر لە خۆیان وەرگرتووە؟

هەندێك لە هونەرمەندان سودیان لە هونەرمەندە نەمرەکان وەرگرتووە، هەندێك هونەرمەندیش بە شێوەیەکی جیاواز کار دەکەن ، من پێم باشە لە هەموو ستایلەکاندا کار بکەین ، هەر ستایلێك هۆگر و گوێگری خۆی هەیە.

*کاتێ چۆپی گەڕایەوە کوردستان ، خەڵکی شاری کەرکوك بە پەرۆشەوە چاوەڕوان بوون تا هونەرمەند ئامادەی ئاهەنگەکانی شاری کەرکوك بێت و کۆنسێرتێك بە ئەنجام بگەیەنیت، بەڵام بەڕێزت تەنها لە چاوپێکەوتنێك زیاتر لەشارەکەی خۆت نەمایتەوەو تەنانەت ئامادەی ئەو فێستیڤاڵەش نەبوویت کە بانگهێشت کرابووی بۆی(فێستیڤاڵی سەنتەری لاوان) هۆی ئەمانە چیبوون؟

من بۆ هیچ فیستیفاڵێك بانگهێشت نەکرابووم ، ئەوە ئێستا لە بەڕێزتەوە بۆ یەکەم جار گوێم لێدەبێت!!!.

من بە رێگەی بەڕێوەبەری زاگرۆس تیڤی بەڕێز ( بەختیار تاڵەبانی ) و لە پارێزگاشەوە لە رێگەی کاك حەسیب رۆژبەیانییەوە هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ئەوەی کۆنسێرتێك لە کەرکووك بکەین، تایبەت بۆ هاوشارێکانم، بەڵام گروپی مۆزیکی کەرکووك ئامادە نەبوون لە بەر ئەوەی پێیان وابوو کاتی پرۆڤەیان پێویستە و منیش کەم لە کوردستان مامەوە بە بۆنەی دەوام و خوێندنمەوە ، تیپی مۆزیکی هەولێریش ئامادە نەبوون لە کەرکووك کۆنسێرت بکەن، دەترسان لەوەی خوانەخواستە گەر کارێکی تیرۆریستی ڕوویدات لە کاتی کۆنسێرتەکەدا ئەوان ڕووزەردی بەردەم گەل دەبن.

*بۆچی تاوەکو ئێستا وەکو مێینەیەك گۆرانیت بۆ ئازارەکانی ژنان نەچڕیوە؟

لە بەرنامەمدایە، بەڵام دەبێت تێکست و ئاوازێکی باشم دەست بکەوێت ئەوەش کارێکی ئاسان نییە و پەیوەندی بە هونەرمەندانی ترەوە هەیە.

*بۆچی شیعری سەربەست ناکەن بەگۆرانی؟ ئایا توانای ئەو هەناسەیەتان نیە یان ئاوازدانەری شیعری سەربەستمان نیە؟

چۆن؟ یەکەم گۆرانی سیدی یەکەمم شیعری سەربەستە بۆنموونە ( خۆشەویستم چیت ناو بنێم )، لە سیدی دوهەممدا شیعری سەربەستی زۆر تێدایە.

*بێجگە لە هونەرمەندانی کۆچ کردوو، چ هونەرمەندێکی کورد زیاتر سەرنجی راکێشاوی؟

زۆرن، هەر چەند ناو بێنم کەمە.

*ئایا ئێستا چۆپی چ پرۆژەیەکی لەبەر دەستە ، یاخود چ پرۆژەیەکی لەخەیاڵە بیکات؟

سیدیەکەم تەواو بووە مانگی ڕابردوو لە ستۆدیۆی شانیا لە شاری ئۆپساڵەی سوید کاری مۆسیقا و دەنگ خستنە سەر گۆرانییەکان تەواو بوون. ئێستا بەدوای کۆمپانیایەکدا دەگەڕێین کە کاری بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە بگرێتە ئەستۆی خۆی، تا ئێستا چوار کۆمپانیا پەیوەندی لە گەڵمان کردووە و لە گفتووگۆدایین لە گەڵیاندا.

بە داخەوە کە بەرهەمی پێشووم (خۆشەوستم چیت ناوبنێم؟) لە کوردستان بڵاو نەبوەوە ، ئۆرژیناڵمان تەنها لە دەرەوەی کوردستان بڵاو کردەوە، ئەم جارەیان مەبەستمانە ئۆرژیناڵ لە کوردستانیش بڵاو بکەینەوە.

ئەم بەرهەمەم ١٤ گۆرانی لە خۆ دەگرێت.

دوو گۆرانی بە زاراوەی بادینی لە ئاوازی هونەرمەند ئیدریس باڵەتاییە.

دوو گۆرانییان لە ئاوازی هونەرمەند کاك زیاد ئەسعەدە.

چوار گۆرانییان لە ئاوازی هونەرمەند کاك بورهان موفتییە.

دوو گۆرانی کرمانجی سەرووی تێدایە کە تێکرا چوار گۆرانی فۆلکلۆرن.

یەك گۆرانی ئینگلیزی تێدایە لە ئاوازی هونەرمەند گۆران بورهان موفتییە.

گۆرانییەکی کوردی تێدایە لە سەر ئاوازی یۆنانی.

دیۆتێك لە گەڵ هونەرمەند کاروان کامیل ، کە ئەو گۆرانییە لە سیدی هونەرمەند کاك کاروان کامیلیشدا بڵاو بووەتەوە.

سێتی کەمانەکان شەش هونەرمەندن و چەندەها هونەرمەندی بە توانا بەشداریان کردووە لەم بەرهەمەمدا و هونەرمەند کاك گۆران کامیل سەرپەرشتیاری ئەو بەرهەمەیە.تێکستی ئەو گۆرانییانە هی ئەو بەڕێزانەن ، فەرهاد شاکەلی، ئێدوار( د.کەمال میراودەلی کردوویەتی بە کوردی، فۆلکلۆر، ئیسماعیل خورماڵی، ئیحسان فەتاح(باوکم) و کەریم باڵەتایی .

ئەم هاوینە بریار بوو بگەڕێمەوە بۆ کوردسات بۆ چالاکی هونەری ، بەڵام بە داخەوە دوای ئەوەی بانگهێشتەکەم بەدەست گەیشت کوردسات هەندێك گرفتی هاتە پێش و پێیان باشە بۆ سەری ساڵ بێت بانگهێشتەکە جارێك نازانم سەر دەگرێت یان نا .

* بەڕێزت لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەت بەوەداوە گوایە گۆرانی ئینگلیزیت تۆمار کردووە و چاوەڕوانی ئەوەی بیکەی بەکلیپ، ئایا ئەو کلیپە چی بەسەرهات و کەی دەکەوێتە ریزی گۆرانیەکانی دیکەت؟

ئەم ماوەیە خەریکی ئەو ١٤ گۆرانییە بووم، ئێستا تەواو بوو بەهیوام بەم زووانە کلیپە ئینگلیزێکانم بکەم، ئێستا کاتی هاتووە.

*ئایا لەبەرنامەی هونەرمەندا نیە بەم زووانە سەردانی وڵاتەکەی خۆی بکاتەوە؟

بەڵێ گەر سەربگرێت من پێم خۆشە ئەم سەری ساڵە بگەڕێمەوە.

*دووا وتەت بۆ هونەرمەندانی شاری کەرکوك بەتایبەتی ئەو گۆرانیبێژانەی تازە هاتوونەتە نێو دنیای هونەرەوە؟

هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم ، کەرکووك و دەوروو بەری پڕە لە گۆرانی و فۆلکلۆر و مەقاماتی خۆش، هەتا بتوانن نەهێڵن لە ناو بچن و خەریکی زیندوو کردنەوەیان بن ، هونەرمەند سەلاح داودە شارەزاییەکی زۆر چاکی هەیە لە مەقامدا، گەر من لە کەرکووك بومایە زۆر شتی لێوە فێر دەبووم.

هەر کەسێکیش بتوانێت تێکستی قەتارو ئەڵاوەیسیم بۆ پەیدا بکات لە گەڵ کاسێتێکدا ، زۆر مەمنوون دەبم، بە تایبەت گەر تێکستەکەی بۆ ئافرەت دەست بدات.